ROJI GEL
ڕۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی طشتییە, حزبی ڕزطاریی کوردستان دژی دەکات
ذمارة (165) یەکشەممة 2007/1/7

بووش هاوکارانی خۆی لە عێراق دەگۆڕێ

هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە سەرکۆماری ئەمریکا بەنیازە بەرپرسانی وڵاتەکەی لە عێراق بگۆڕێت.
شارەزایان پێیانوایە سیاسەتی بووش سەبارەت بە عێراق بەرەو هەرەس دەچێت، بۆیە ناچارە هاوکارانی خۆی بگۆڕێت، لەوانەیە ئەمە بەشێک لە ئەنجامدانی ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکەی بیکەر – هاملتۆن بێت. لەو پێوەندییەدا وا چاوەڕوان دەکرێ هەریەک لە زالمای خەلیل زاد و جۆن ئەبی زێد و جۆرج کەیسی لەپۆستەکانیان دوور بخرێنەوەو کەسانی دیکە لە شوێنیان دابنرێن. بەگوێرەی هەواڵەکان لەوانەیە جۆن بۆلتۆن ئەدمیرال ویلیام فالۆن و دێید پاتریۆس لە جێگەی ئەوان دابنرێن.

تورکیا: بۆ گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان کاودانی لەبار دێتە ئاراوە

بە پێی هەواڵێکی گۆڤاری "تەمپۆ"ی چاپی ئەنقەرە، دەزگای هەواڵگری تورکیا "میت"، لە ڕاپۆرتێک دا کە بۆ بەرپرسانی وڵاتەکەی بەرزکردۆتەوە، جەختی کردۆتەوە کە بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی بۆ گێڕانەوەی "کەرکوک" و "ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەبارە، ئەگەر ڕەوشی عێراق بەم شێوەیە بمێنێتەوە، کاودانێکی باشتر و لەبارتر دەرەخسێ.
دەزگای میت لەم ڕاپۆرتە نهێنییەیدا هۆشداری بە کاربەدەستانی تورک داوە و نووسیویەتی: ئەگەر کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە، دەوڵەتی تورکیا زیانمەند دەبێ و گرفتی گەورەی بۆ دروست دەبێ.
بە گوێرەی هەواڵەکە، بۆئەوەی کەرکوک بە نەوتەوە ڕادەستی کورد نەکرێتەوە، "دەزگای میت" داوای لە حکومەت و دامودەزگاکانی تورکیا کردووە کە لەم پێوەندییەدا ڕێوشوێنی خۆپارێزی بەپەلە و گونجاو بگرنە بەرو هەنگاوی کردەیی هەڵبگرنەوە.
بە بۆچوونی گۆڤاری "تەمپۆ"، بەشی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک باس لە تورکمانەکانی کەرکوک و ئاریشەی مەترسی بۆ سەر گیان و مافەکانی ئەوان نەکراوە، بەڵکو میتی تورک گرنگی کەرکوک لە سامانەکەیدا دەبینێتەوە، ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەو بانگەشانەیە کە بەردەوام حکومەتی تورکیا لە پەنایەوە سیاسەتی پێوەدەکات. جەختی لەسەر دەکاتەوەو فرمێسک بۆ تورکمانەکان هەڵدەڕێژێ، تورکیا بە ئاشکرا هەوڵدەدات کارتی "تورکمان" وەکو بیانوێیەک بۆ پێشبردنی بەرژەوەندی و داخوازی و پلانەکانی خۆی بهێنێتە ڕۆژەڤەوە.
لە ڕاپۆرتی میت دا هاتووە: کوردەکان لە عێراقدا "دەوڵەتێک لە نێو دەوڵەت"یان دروست کردووە، ناوچە دابڕاوەکانیش زۆر بە ئاسانی لە ئەنجامی ڕێفراندۆم دا وەپاڵ هەرێمی کوردستان دەدرێنەوە.
ڕاپۆرتەکەی میت لە ژێر سێ سەردێڕدا ئامادەکراوە، ئەوانیش:
* کەرکوک و مەیدانە نەوتیەکانی و یاساکانی پەیوەندەدار.
* دەسەڵاتدارانی حوکمەتی هەرێم، چ پلانێکیان بۆ داهاتوو هەیە؟
* بە گوێرەی میت چ مەترسی گەلێک لە چاوەڕوانی کەرکوک دا هەیە.
ئەوەی شیاوی باسە لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا جەخت لەسەر مەیل و ئارەزووی کورد بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ کراوەتەوەو دیارکراوە کە ئەگەر کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە ئەوە حەزی سەربەخۆیی لەلای کوردستانیان بەهێزتر دەبێ، دەوڵەتی تورکیاش دووچاری ئاڵۆزی و گرفتی زۆرتر دەبێتەوە.

دادوەر رزگار محەمەد ئەمین :

دادگایی ئەنفال بەردەوام دەبێ و سەدامی لێ دەردەچێ

دادوەر رزگار محەمەد ئەمین ، ئەندامی دادگای تەمیزی کوردستان و یەکەم دادوەری دادگایی کردنی سەدام لە سەر تاوانی دوجەیل ، لە لێدوانێکدا بۆ کوردستان ئۆنلاین وتی " بە پێی یاسا دادگایی ئەنفال بەردەوام دەبێ و سەدامی لێ دەردەچێ ."
دادوەر زرگار ئاماژەی بەوە کرد ڕێورەسمەکان بە شێوەیەکی یاسایی تەواو بەڕێوە بچن ، لەبەرژەوەندی هەموو لایەکدایە ."
بەڵام لە بارەی قسەکردنی لە ئاستی بەڕێوەچوونی دادگاکەی سەدام بە تایبەت ئاماژەی پێ نەکرد ،چونکە وتی " من تا ئێستا بە کۆمەڵێک پابەندی و پرەنسیپی پیشەییەوە پەیوەستم و ناتوانم شتی وابڵێم کاریگەری بۆ سەر دادگاکە هەبێ .لە گەڵ ئەوەشدا وتی " چەسپاندنی دادپەروەریی قەزایی سەنگ دەدات بە حوکم وبڕیارەکان ."
لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی " من هەمیشە هەوڵمدا وەک قەزاییەک کاربکەم چونکە هەر پێم وا بوو پاراستنی بێلایەنی لە دادگاکەدا لە بەرژەوەندی هەمووانە و بێلایەنیش سەنگ و ڕێز دەدات بە بڕیارەکان ." هەروەها وتی " من باس لە دادگایی کردنی سەدام حوکمەکەی ناکەم .لە بارەی جێبەجێکردنی حوکمی لە سێدارەدانەوە بە پێی یاسا دەدوێم ، بە پێی یاسای ئوسوڵی موحاکەماتی جەزائی لە ، بابی دووەم ژمارە 23 ی ساڵی1971 .لە مادەی 290 دا هاتووە ، کە حوکمی لە سێدارەدان لە ڕۆژانی پشوو ورۆژانی جەژنی تایبەت بە ئاینی حوکمدراو جێبە جێ ناکرێ ."
لە بارەی دادگایی ئەنفالیشەوە وتی " دادگاییەکە بە پێی مادەکانی 300 و 304 ی یاسای ئوسوڵ موحاکەمات بەردەوام دەبێ و سەدامی لێ دەردەچێ ، چونکە کەسی مرد ڕێوشوێنە یاساییەکانی لە بەرامبەردا رادەگیرێ ."

زانکۆیەکی ئەرمینیا ڕێز لەچەند سیاسەتمەدارێکی کوردستان دەگرێ

تایبەت بە ڕۆژی گەل: زانکۆی تیریزای وڵاتی ئەرمینیا لەبەرنامەی دایە کە بڕوانامەی دکتۆرای شانازی بە چەند سیاسەتمەدارێکی ڕۆژئاوای کوردستان ببەخشێ، بەتایبەت بەوانەی کە چالاکڤان و هەڵسوراوی بواری مافی مرۆڤ و داکۆکیکاری ئازادی رادەربڕین.
وێڕای ئەوەی هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن خەباتی هاوبەشیان هەیە، بەڵام زانکۆی ناوبراو ئامانجی ئەوەیە کە دۆستایەتی نێوان هەردوو گەل پتەوو بەهێزتربکاتەوە و بۆ درێژەدان بە خەباتی هاوبەشی پشتیوانیان لێبکات
ئەوەی زانراوە کە (محەمەد نەزیر مستەفا، ئیبراهیم ئەلیوسف و عەبدولڕەحمان ئالوچی) بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرای شانازی کاندید کراون.
لەلایەکی دیکەوە زانکۆی تیریزا بڕیاری داوە کە بەشێکی تایبەت بە وێژەی کوردی بکاتەوە، بەوهۆیەوەو بۆ بەشداریکردن لە ڕۆژی کردنەوەی بەشی وێژەی کوردی بانگهێشتی ڕێزداران سەرکۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەیان سیاسەتمەداری دیکە کراوە.

ڕۆژەڤ

ئێستا بۆ هەموو جیهان خۆیا بووە کە کوردستانیان وەک هەر گەلێکی دیکە خواستی سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان هەیە و لەو پێناوەدا تێکۆشاون و تێدەکۆشن. لە ئاکامی ئەو رایفراندۆمە نافەرمیەی کە دوو ساڵ لەمەوبەر بەڕێوەچوو،98%ی دانیشتووانی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دابوو، جارێکی دیکە مەیل و حەزو ئاواتی سەربەخۆیی کوردستانیان وەدیار کەوتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسە باڵادەستەکانی کوردستانیش، ئەوانەی لەخەمی یەکپارچەیی عێراق دان و فیدراڵی بە باشترین چارەسەر دەزانن، ناتوانن نکۆڵی لە خواستی سەربەخۆیی کوردستانیان بکەن، کەچی هەر یەکەیان بەجۆرێکەوە دەریدەبڕی و پەردەپۆشی دەکات، نیگا لەسەر ئامانجی خۆی دادەنێ. هەندێک لەوان سەربەخۆیی بە حەزی شاعیرانە دەچوێنن! هەیانە بیانۆی نارازی بوونی دەرو دراوسێ دەهێنێتەوەو وا پلاو دەکەنەوە ئەگەر کوردستانی سەربەخۆ پێکبێ، ئەوە وڵاتانی هەرێمەکە و دوژمنانی کوردستان یەکدەگرن و لەشکرکێشی دەکەنە سەری و لەناوی دەبەن!! هەندێکی دیکەیان پێیانوایە کە لەم ڕۆژگارەدا سەربەخۆیی لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان دانیە!!
لێرەدا دوو سەنگەری هاوتەریب لەنێو هەناوی کوردستانەوە سەر هەڵدەدا. سەنگەری یەکپارچەیی عێراقی فیدراڵ و سەنگەری کوردستانێکی سەربەخۆ.
سەنگەری یەکپارچەیی خاکی عێراق خۆی بەخاوەن و دەمراستی هەموو کوردستانیان دادەنێ، پەلەی ئەوەیەتی کە لەنێوەندەکانی رای گشتی گەل و وڵاتاندا خۆی بە نوێنەری ڕاستینی کوردستانیان پێشان بداو وا بگەیەنێ کە هەموو کوردستانیان بە پەنجەی ئەو هەڵدەسورێن، ئەو سەنگەرە بەرژەوەندی خۆی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەبینێتەوە، بەوهۆیەوە هەرچی لە توانای داهەبێ، درێغی ناکات، ماشێنی ڕاگەیاندن و دارایی و ئابووری و هێزی سیاسی و سەربازی خۆی دێنێتە مەیدان، پێوەندیەکانی خۆی دەگەڵ جیهانی دەرەوە دەکار دەکا و دەیەوێ خواستی خۆی بسەپێنێ. هەڵبەت ئەم سەنگەرە پشتیوانی دەستەڵاتدارانی عێراق و حکومەتانی دراوسێ، ئەوانەی کە خۆی وەک مەترسی دەیانناسێنێ، لەگەڵ دایە، هاوکاری و کۆمەکی پێدەکەن. هەم پشتیوانی هەرێمی هەیە، هەمیش سەرمایەکی زۆری کۆکردۆتەوەو لەژێر دەستی دایە، بەڵام چونکە گوێ لە خەڵک ناگرێ و بە پێچەوانەی خواستی کوردستانیان سیاسەت دەکات، کورتبین و بەرژەوەندخوازە ناکام دەمێنێتەوە.
سەنگەری سەربەخۆیی کوردستان کە ڕەنگ لەخواست و ئاواتەکانی کوردستانیان دەداتەوە، بە هێزی لەبن نەهاتووی رزگاریخواز و سەربەخۆخوازان پشت ئەستوورە، وردتر هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان دەخوێنێتەوە، بەرژەوەندی گەلی کوردستانی کردۆتە ئامانج، پشت بە راستیەکانی مێژوویی دەبەستێ. سەربەخۆیی بەسادەترین مافی هەر گەلێک دەناسێ، لەو سۆنگەیەشەوە ڕێبەرایەتی بزاڤی سەربەخۆخوازی دەکات. جەماوەر بە هێزی سەرەکی و بڕیاردەری راستین دەزانێ، دەخوازێ کوردستانیانی سەربەخۆخواز ریزەکانی خۆیان پتەوو بەهێز بکەن، بەگوڕو چالاکتر بێتە مەیدان و کاروانی سەربەخۆیی بە مەنزڵی بێوەیی بگەیەنن. راستە سەنگەری سەربەخۆیی لەلایەن عەرەبە رەگەزپەرستەکان و حکومەتە داپلۆسێنەرەکانی هەرێمەکەوە دژایەتی دەکرێ، لەرووی هێزی پارەوە لاوازە، کەچی دیسانیشەوە بەهۆی رامانە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی خۆی، لەبەرئەوەی بۆ خواست و بەرژەوەندەکانی وکوردستانیان سیاسەت دەکات و چاوی لە خۆدەوڵەمەندکردن و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان نیە، دەتوانێ سەرکەوتن مسۆگەر بکات.
ساڵی 2007 ساڵی ئەزموون و تاقیکاریە سەختەکان دەبێ. سەرەتای هەنگاوەکانی چەسپاندنی عێراقی فیدراڵ و پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ بەرجەستە دەکات. سەرەنجام سەربەخۆخوازان بە ویژدانی ئاسوودەوە براوە دەبن. هەم ئامانجی سەربەخۆیی مەزنتر دەبێ و باشتر پێدەگات، هەمیش پاراستنی بەرژەوەندەکانی گەلی کوردستان لەسەر راستە ڕێی ئامانجەکان دەگیرسێتەوە.

ڕۆڵی موقتەدا سەدر گەورەتر دەبێتەوە

ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی ئاشکرای کردووە کە لەسەر خواستی موقتەدا سەدر، سەدام حوسێنی دیکتاتۆری پێشوو لە یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان دا لەسێدارە دراوە. هەندێ زانیاری باس لەوە دەکەن کە حکومەتی عێراق بۆ رازیکردنی موقتەداو لەسەر پێشنیاری یەکێ لە مەرجەعەکانی شیعە، سەدام حوسێن ڕا دەستی سوپای مەهدی کراوە و ئەوان راستەوخۆ پرۆژەی هەڵواسینیان بەڕێوەبردووە، تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە کە خودی موقتەدا بە دەمامکەوە لەبری خوێنی باوکی پەتەکەی خستۆتە ملی سەدام و سزای هەڵواسینی بەسەر سەپاندووە.
هەڵواسینی سەدام حوسێن لەیەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان و بڵاوکردنەوەی فلیمی ڤیدیۆیی بەڕێوەبردنی هەڵواسینەکە کاردانەوەی جۆراوجۆری لەنێو سوننەکان و وڵاتانی عەرەبی و جیهانی هێناوەتە ئاراوە، تەنانەت ئەمریکیەکان لەپێوەندی ئەوەی کە دروشم بۆ موقتەدا سەدر لێدراوەو شێوەی تۆلەسەندنەوەی نواندووە، نارەزایی خۆیان پێشانداوە، چونکە پێیانوایە کە سیناریۆی هەڵواسینەکە لەبەرژەوەندی موقتەدا سەدرو سوپای مەهیدا هاتۆتەوە، ئەمەش خزمەت بە بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا ناکات.

دیموکراتەکان نارازین بەرامبەر بە ناردنی هێز بۆ عێراق

دوای بڵاوبوونەوەی چەند دەنگوباسێک لەبارەی ناردنی هێزی سەربازی زیاتر لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ عێراق، چەند ئەندامێکی باڵی دیموکراتی کۆنگریسی ئەمەریکا هۆشداریان دایە جۆرج بۆش بەوەی کە ناردنی هێزی زیاتر بۆ عێراق ئامانجی ئەمەریکا لەو وڵاتە بەدی ناهێنێت و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە شەڕ بێت.
هەریەک لە هاری ریدی سەرۆکی زۆرینە لە ئەنجوومەنی پیران و نانسی پیلۆسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، کە هەردووکیان سەر بە باڵی دیموکراتن، نامەیەکیان ئاراستەی جۆرج بۆشی سەرۆکی وڵایەتە یەکگرتووەکان کرد و تیایدا داوایان لە ناوبراو کرد کە دەست بە کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکات لە عێراق. ئەو داوایەی دیموکراتەکان لە کاتێکدا دێت کە سەرۆکی ئەمەریکا بە نیازە لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا ستراتیژیەتی نوێی خۆی لە عێراق رابگەیەنێت دوای ئەوەی بەپێی رای سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا لە سیاسەتی پێشوویدا لەو وڵاتە هەرەسی هێنا.

لەم ژمارەیەدا

3 عێراقی دوای سەدام حسێن!
5 دیدارێک لەگەڵ پیتەر گاڵبرەیس دا
6 ژیانێک لە چاوەڕوانی و نیگەرانیدا
7 ڕۆژنامەوانانی بێسنوور: "بەبێ ئازادیی چاپەمەنی، ئازادی بوونی نییە"